# رایس خوازیاری بەربەرەکانێی وەڵاتانی عەرەب لە بەرانبەر دەستێوەردانی رژێمی ئاخوندی لە عێراق بوو

رایس، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، داوای لە وەڵاتانی عەرەبی کرد کە بە بەهێز کردنی پێوەندی ئابوری و فەرهەنگی و دیپلوماتیکی خۆیان لەگەڵ عێراق، بەربەرەکانێی نفوزی شەڕخوازانەی رژێمی ئاخوندی لە عێراق بکەن. رایس گوتی: ئەگەرچی رژێمی ئێران نفوزی لە عێراق هەیە، بەڵام عێراق وەڵاتێکی عەرەبیە و هەستی نەتەوەپەرەستی تێدا بەهێزە. رایس هەروەها گوتی: کە نیازی نیە لەگەڵ لێپرسراوانی رژێمی ئاخوندی لە دانیشتنی حەوتووی داهاتوو دراوسێکانی عێراق ووتوێژ بکا.

ئەو دانیشتنە بە بەشداری وەڵاتانی ئەندامی هەمیشەیی شورای ئەمنیەتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان، هەروەها کانەدا و ئیتالیا و ئەڵمان، و وەڵاتانی دراوسێی عێراق، سێ شەممەی داهاتوو لە کووەیت بەرێوە دەچێ. مەنووچیچهر موتەکی وەزیری دەرەوەی رژێم لە کۆبوونەوەدا بەشدار دەبێ.